دیماند: کارزان کانەبی

### عزەدین عەسکەر ڕاهێنەری یانەی کەرکوک:

# خولی کوردستان کێبڕکێی خۆشترە و ئاستی لە خولی عێراق بەرزترە




**عزەدین عەسکەر جەلال لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٣ی شاری کەرکوکە و یەکێکە لە وەرزشوانە دێرینەکانی شارەکە ماوەیەکی زۆرە لە خزمەتی ورەزشی شارەکەدایە،، پێشتریش وەکو ڕاهێنەر لەگەڵ هەریەك لە یانەکانی زاخۆ وسۆلاڤ وکەیوان ویانەی کەرکوك کاری کردوە، لەگەڵ لاوانی کەرکوك وەکو ڕاهێنەر نازناوی هەرێمی کوردستانی بەدەستهێناوە، پێشتریش وەکو یاریزان لە یانەکانی کەرکوك و سەورە و سۆلاڤ و زاخۆ و سێمێل وئاسایشی دهۆك و هەڵبژاردەی کەرکوك و زانکۆی موسڵ یاری کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

## ئیبراهیم تاتلیساس

دوای ئەوەی یانەی زاخۆ ئەم وەزرە چەندین گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەك یاریزانی بەناوبانگ وۆرکردووە بۆئەوەی بتوانێت ئەنجامێکی شایستە لە خولی بژاردە بەدەست بهێنێت و لە چەند رۆژی ڕابردوودا یانەی زاخۆ بڕیاری ئەوەی دا کە ئیبراهیم تاتلیساسی هونەرمەندی بەناوبانگی تورکیا بکاتە سەرۆکی فەخریی یانەکە، لەم بارەوە عەبدولجەبار سەیفەدین جێگری سەرۆکی یانەی زاخۆ بە گۆڤاری گوڵانی گوت: لەئێستاشدا یانەی زاخۆ بڕی ٦٠هەزار مەتری چوارگۆشەی زەوی داوە بەئیبراهیم تاتلیساس بۆئەوەی شوقەی نیشتەجێ بوونی لەسەر دروست بکات تاکو سوودێکی زۆر بە یانەی زاخۆ بگەیەنێت و٧٠٪بۆ ئیبراهیم دەبێت و ٣٠٪ بۆئێمە دەبێت، بەمەش باری داراییمان باشتردەبێت سەرەڕای ئەوەش یانەی زاخۆ لە ئێستادا قەرزارەو پێویستیشمان بەبڕی ٤٠٠هەزار دۆلارە بۆبەڕێوەبردنی یانەی زاخۆ لەلایەن حکومەتیشەوە بەڵێنی ئەوەیان بە ئێمەداوە کەوا هاوکاریمان بکەن بەڵام تاکو ئێستا هیچمان بۆ نەکراوە، گوتیشی لەگەڵ ئیبراهیم تاتلیساس بڕیاری ئەوەمان داوە کە هاوکاری یەکتری بکەین و یارییەکی دۆستانەمان لەگەڵ یانەی ئورفە بۆ ڕێکبخات، ئەگەر هاوکاریمان بکرێت لەلایەن حکومەتەوە کێشەمان نابێت.

*** چۆن بوو مەشقی یانەی کەرکوکت لە ئەستۆ گرت؟**

- دوای تێپەڕبوونی دوو یاری لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، دەستەی کارگێڕی یانەی کەرکوك پەیوەندییان پێوە کردم و منیش ڕازی بووم بەم ئەرکە، دوای وەرگرتنی پۆستی ڕاهێنەرایەتی،توانیمان تیپەکە لە کۆمەڵێك یاریزانی لاوی خولی عێراق و کوردستان ئامادە بکەین و بە شێوەیەکی زۆر باش ئەنجامەکانیشمان باشترین دەستکەوتن.

*** ئاستی ئەمساڵی خولی کوردستان چۆن دەبینیت؟**

- ئاستی خولی نایابی کوردستان ساڵ بە ساڵ بەرەو باشتر دەچێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چالاك بوونی یەکێتیی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان، من لێرەوە دەست خۆشیان لێ دەکەم، ئەمساڵ ئاستی خولی کوردستان زۆر لە پار باشترو بەهێزترە.

***پێشبینی چی دەکەیت بۆ ئەنجامی یانەکەتان؟**

- من لەو بڕوایەدام کە یانەی کەرکوك ئەم وەرزە لە خانەکانی پێشەوە دەبینرێت، چونکە گۆڕانکاریی باش لە بناغەی تیپەکە کراوەو زۆربەشیان یاریزانی لاون.

*** بیستوومانە گۆڕانکاییی لە پێکهاتەی یانەکەتان دەکەیت لە قۆناغی دووەمدا؟**

- پەنا بەخوا ئەگەر پاڵپشتی دارایی هەبێت بۆ یانەی کەرکوك، یەك تا دوو یاریزانی پیشەگەری دەرەوەی وڵات دەهێنمە ریزی یانەکە.

*** ماوەی یەك هەفتە خولی عێراقیشت وەرگرت، بۆچی دواتر داوای لێ بووردنت لە دەستەی کارگێڕی کرد ؟**

- لە ڕاستیدا ئەرکی راهێنەرایەتی شتێکی وا ئاسان نییە، شاری کەرکوکیش لە دڵمدا زۆر شیرینە، بەتایبەتی یانەی کەرکوك، بۆیە زۆر ئەستەم بوو بۆ من زۆریش کارێکی گران بوو کە لەیەك کاتدا دوو تیپ بەڕێوەببەم، وام پێ باشتر بوو کە خولی کوردستان کێبڕکێی خۆشترە و ئاستی لە خولی عێراق بەرزترە،زیاتر لەگەڵ کاپتن سەواش قادری یاریدەدەرم گفتوگۆمان کرد کە لە خولی کوردستان بمینێنەوە، بۆیە داوای لێ بووردنم لە دەستەی کارگێڕی یانەکە کرد.

***بە بۆچوونی تۆ هاتنی ئەم هەموو یاریزانە بیانییە بۆ یانەکانی کوردستان تاچەند سوودی دەبێت؟**

- بە بۆچوونی من وەکو ڕاهێنەرو وەرزشوانێك هیچ سوودێکی نییە، چونکە یاریزانی کوردی خۆمان بێ بەش دەبێت لە یاریکردن و کەم ئەزموون دەبێت بۆدوا رۆژ، دەبێت بناغەی تۆپی پێی کوردستان زیاتر بەهێز بێت بە بەشداری کردنی یاریزانی کورد.

*** پێت باشە قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بکرێتەوە لە کوردستان؟**

- بەلێ زۆر پێویستمان بە کردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان هەیە چونکە بناغەی تۆپی پێی کوردستانی تێدایە، من لە ئێستاوە ئامادەم بە خۆبەخش کاربکەم ئەگەر قوتابخانەیەکی لەم جۆرە بکرێتەوە.

*** یانەی کەرکوك ئاستی وەکو پێویست نییە لە یارییەکەوە بۆیارییەکی دیکە دەگۆڕیت، هۆکاری چییە؟**

- زۆر ڕاستە چونکە یانەی کەرکوك بەردەوام قوتابخانەی یاریزانانی تۆپی پێی بووە، ئەمساڵ زۆربەی یاریزانانی یانەی کەرکوك چوونەتە یانەکانی دیکە بەهۆی نەبوونی توانایەکی دارایی باش روویان لە یانەکانی دیکە کردوە، ئەم تیپەی ئێستای یانەکەش کۆمەڵێك یاریزانی لاو وچەند یاریزانێکی دیکەی خاوەن ئەزموون تاکو بتوانین ئاستی ڕابگرین و پێویستمان بەکاتە پەنا بەخوا رۆژ لە دوای رۆژ ئاستی تیپەکە باشتر دەبێت.

***یانەی کەرکوك بەردەوام گلەیی ئەوە دەکات کێشەی دارایی هەیە، کێشەکانی ئێوە چیە؟**

-بەڵێ ڕاستە و یانەی کەرکوك کێشەی دارایی هەیە، ئەگەر کێشەی دارایی نەبووایە بۆچی یاریزانەکانیان ڕیزی یانەکەیان بەجێدەهێشت، بۆیە هیوادارین بەرپرسانی حکومەت ئاوڕێك لە یانەی کەرکوك بدەنەوە.

*** خولی کوردستان بەهێزترە یان عێراقی وهۆکاری چییە؟**

-بە بۆچوونی من خولی کوردستان بەهێزترە چونکە ئاستی بەرەو بەرزبوون دەڕوات، ڕاهێنەرانی کوردستان ساڵ بەساڵ دەچنە خوولەکانی بەهێزکردن لە دەرەوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئاستی یانەکانی بەرەو پێشتر بچێت.

## دەبێتە سەرۆکی فەخریی یانەی زاخۆ



## ئۆلیڤەر کان:
# هاتنی گواردیۆلا سوودێکی زۆری بۆ بایرن میونیخ هەیە

گۆڵچی پێشووی یانەی بایرن میونیخ و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ئۆلیڤەر کان لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەکانی ئەڵمانیا گوتی: مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ راهێنەری پێشووی بەرشلۆنە گواردیۆلا بۆ ئەوەی ببێتە راهێنەری یانەی بایرن میونیخ سوودێکی زۆری بۆ یانەکە هەیە و هەروەها تۆپی پێی ئەڵمانیا سوودی لێوەردەگرێت، چونکە گواردیۆلا خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزە.



لە درێژەی قسەکانیدا ئۆلیڤەر کان گوتی: یانەی بایرن میونیخ پێویستی بە گۆڕینی پرۆگرامی بردنەوە هەیە، بۆیە لەگەڵ هاتنی گواردیۆلا دەتواندرێت ئەم پرۆگرامە پەیڕەو بکرێت، هەروەها تۆپی پێی ئەڵمانیا سوودی لێوەردەگرێت و ئامادە دەبێت بۆ جامی جیهانی ٢٠١٤ لە بەرازیل.
جێگەی باسە گۆڵچی ئۆلیڤەر کان لە پەیوەندییەکی باش دانییە لەگەڵ راهێنەری ئێستای بایرن میونیخ یوب هاینکس.

# نادال لەسەرەتای مانگی داهاتوو دەگەڕێتەوە رکابەرییەکانی تێنسی سەرزەوی




دوای ئەوەی یاریزانی تێنسی سەر زەوی ئیسپانی رافائیل نادال لە پاڵەوانێتی ویمبڵدۆن لە وەرزی رابردوو تووشی پێکان هات لە رکابەرییەکان دوورکەوتەوە، وا بڕیارە ئەستێرەی تێنسی سەرزەوی لە سەرەتای مانگی ٢ی ساڵی ٢٠١٣ دووبارە بگەڕێتەوە نێو رکابەرییەکانی پاڵەوانێتیەکانی تێنسی سەرزەوی، کاتێک بەشداری لە پاڵەوانێتی بەرازیلی کراوە دەکات.
رافائیل نادال ئەمە یەکەم جارە بەشداری لە پاڵەوانێتیەک بکات، کە لە کیشوەری ئەمەریکا ئەنجام دەدرێت دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٥ دواین جار بەشداری لە پاڵەوانێتیەک کرد، کە لەم کیشوەرە ئەنجامدرا بێتن.





## تێڤێز: هەڵبژاردەی ئەرژەنتین پێویستی بە من نییە

یاریزانی یانەی مانچستەر سیتی تیڤیز لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ ڕۆژنامەکانی ئەرژەنتین تەئکیدی لەوە کردووە، کە هەڵبژاردەکەی پێویستی بە ئاستی ئەو نییە و گوتی: ئێستا لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین چەند یاریزانێکی بە توانا و ئاست بەرز یاری دەکەن لە شوێنی من،وەکو میسی و لاڤێتزی،بۆیە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین هیچ پێویستییەکی بە ئاستی من نییە.

لە درێژەی قسەکانیدا تێڤیز گوتی: هەست بە دڵگرانی ناکەم، هەروەها جێگەی شەرمەزاری نییە، کە من ئەم قسەیە دەکەم، چونکە یاریزان هەیە لە تەمەن لەمن بچووکترن و ئاستیان لەمن باشترە و شایستەن لە ریزی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین یاری بکەن و من تا کۆتایی پشتگیریان دەکەم.

جێگەی باسە یاریزانی تیڤێز لە ساڵی ٢٠١١ لە ریزی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین دوورخراتەوە.


## یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بۆ ئامار و مێژوو، ئەنێستا بە باشترین یاریزانی دروستکەری یاری دەستنیشان دەکات

هەفتـــەی رابردوو یەکێتیی تۆپی پێ بۆ ئامار و مێژوو لیســـتی باشـــترین یاریزانانی جیهانی بۆ دروســـتکردنی یاری لە ســـاڵی ٢٠١٢ دەستنیشان کرد، کە تێیدا ســـێ یاریزانی بەرشلۆنە توانیان پلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، دوای ئەوەی یاریزانی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی ئیسپانیا ئەندریاس ئەنێستا پلەی یەکەمی بە دەستهێنا، ئەم دەستنیشانکردنە لە رێگەی راهێنەر و یاریزان و رۆژنامەنووسان ئەنجامدرا، ئەنجامی کۆتایی بەم شێوەیە بوو.

١-ئەندریاس ئەنێستا (ئیســـپانیا)، ٢-زاڤی هێرناندێز (ئیسپانیا)، ٣-میسی (ئەرژەنتیـــن)، ٤-ئەندریا پێرلۆ (ئیتاڵیا)، ٥-مســـعود ئۆزێـــل (ئەڵمانیا)، ٦-کریســـتیانۆ رۆناڵدۆ (پورتوگال)، ٧-دێڤید سێلڤا (ئیسپانیا)، ٨-یایا تۆریە (کۆتی دیڤوار)، ٩-نیمار (بەرازیل)، ١٠-ستیفن جیرارد (ئینگڵتەرە).



# ڤیلانۆڤا: لە شوێنی مۆرینهۆ بم دەست لە کار دەکێشمەوە



دوای ئەوەی یانەی بەرشلۆنە لە وەرزی ئەمساڵدا توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و بەجیاوازیەکی زۆری خاڵ لە پێشەنگی خولەکە بێت لەگەڵ یانەکانی ئەتلەتیکۆ مەدرید و ریال مەدرید، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەنەکانی ئیسپانیا ڤیلانۆڤا تەئکیدی لە گرنگی ئەم جیاوازە کرد و گوتی: تا ئێستا یانەی بەرشلۆنە خولی ئیسپانیای بە دەست نەهێناوە، چونکە یارییەکانی خولی ئیسپانیا زۆری ماوە بۆیە دەبێت بەچاوێکی دیکە سەیری یارییەکان بکەین.

لە درێژەی قسەکانیدا ڤیلانۆڤا گوتی: بەڵام ئەگەر یانەکەم بەم جیاوازە خاڵە زۆرە لە دوای ریال مەدرید با ئەوە بە بێ دوو دڵی دەستم لە کار کێشانەوەی خۆم پێشکەش بەسەرۆکی یانەکە دەکرد، بۆیە دەبوایە مۆرینهۆ دەست لە کارکێشانەوەی خۆی پێشکەش سەرۆکی یانەی ریال مەدرید بکات.

جێگەی باسە مۆرینهۆ لە وەرزی ئەمساڵدا گوشارێکی زۆری لەسەرە بەهۆی ئەنجامە خراپەکانی ریال مەدرید لە خولی ئیسپانیا و جەماوەر داوای دەستلەکارکێشانەوە لەم راهێنەرە دەکات.

# بەرشلۆنە داوای دی خیا دەکات



هەرچەندە تا ئێستا دوا رۆژی ڤیکتۆر ڤاڵدێز لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە دیار نییە بەهۆی نوێ نەکردنەوەی گرێبەستەکەی گۆڵچی ناوبراو لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە، بۆیە یانەی بەرشلۆنە هەر لە ئێستاوە لە دوای شوێنگەرەوەی ڤاڵدێز دەگەرێت،رۆژنامەکانی ئینگلتەرە ئاماژەی بە گرنگیدانی یانەی بەرشلۆنە بە گۆڵچی یانەی مانچستەر یۆنایتد دی خیا دا و گوتی: داڤید دی خیا گۆڵچی یانەی مانچستەر یۆنایتد ئامانجی یەکەمی بەرشلۆنەیە بۆ شوێنگرتنەوەی ڤیکتۆر ڤاڵدیز، کە داهاتوی ڤاڵدێز لەگەڵ بەرشلۆنە نادیارە.

هەرچەندە یانەی بەرشلۆنە لە هەوڵی هینانی دی خیا بوو بۆ یانەکەی، کاتێك ناوبراو لە لاوانی ئەتلەتیکۆ مەدرید یاری دەکرد، بەڵام ئەتلەتیکۆ مەدرید داوای ٥٠٠ هەزار پاوەندی دەکرد.

جێگەی باسە دی خیا لە ریزی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید یاری دەکرد دواتر پەیوەندیی بە ریزی یانەی مانچستەر یۆنایتد کرد لە ساڵی ٢٠١١ و تا ئێستا لەگەڵ یانەکە بەردەوامە هەرچەندە قسەوباسێکی زۆر هەبوو سەبارەت بە لاوازیی چاوەکانی دی خیا.

جێگەی باسە ئەنتۆنی زۆبیزارێتە بەرێوەبەری وەرزشیی یانەی بەرشلۆنە پێنج گۆڵچی دەست نیشان کرد بۆ ئەوەی شوێنی ڤیکتۆر ڤاڵدێز بگرێتەوە ئەویش هەریەکە لە مارتن سکێرتڵ لە یانەی رۆما، ڤیسێنت گواییتە لە ڤالەنسیا، مارك تێن ستیگن لە یانەی بروسیا مونشنگلادباخی ئەڵمانی و بێرند لینۆ لە بایەر لیڤەرکیوز و دی خیا لە یانەی مانچستەر یۆنایتد.



## ئەكاد بۆچوارەم جار نازناوی خولی باسكەی كچانی كوردستانی بەدەست دەهێنێت

لە درێژەی یارییەكانی خولی باسكەی نایابی یانەكانی كوردستـــاندا، لە شاری دهۆك بە ئامادە بوونی ژمارەیەك لە بەرپرســـانی حكومی و حزبـــی و جەماوەرێكی زۆری وەرزشـــی، لە هۆڵی یانەی دهۆك و لـــە یاریی كۆتایی خولی باسكەی نایابی كوردســـتان هەردوو تیپی كچانی یانەی سەنحاریبی دهۆك و كچانی ئەكادی شاری هەولێر ڕووبەڕووی یەكتری بوونەوە، لەم یاریەشدا سەرەڕای ئەوەی یاریزانانی هەردوو یانە توانیان ئاستێكی بەرزی یاری باسكە پێشـــكەش بكەن بە درێژایی هەر چوار گێمی یارییەكەدا و تا كۆتایی یارییەكەش، كێبڕكێی بەدەســـتهێنانی خاڵیان دەكرد، سەرئەنجامیش یانەی سەنحاریب بەزەحمەت توانی بە ئەنجامـــی (٥٧-٥٣)خاڵ بەجیاوازی تەنیا چوار خاڵ یارییەكەی لە كچانی ئەكاد بباتەوە لە پاش ئەم یارییەش بە هەژماركردنی خاڵی یارییەكانی پێشووتر یانەی ئەكاد ســـەرەڕای شكست، توانی بۆچوارەم جار لەسەر یەك ببێتە پاڵەوانی باســـكەی كچانی كوردستان،هەریەك لە كچانی یانەی سەنحاریب و كچانی سیروانی نوێی شاری سلێمانی پلەكانی دووەم و سێیەمی خولەكەیان بەدەستهێنا.



## دهۆک پەنا بۆ یاریزانی دیكەی بیانی دەبات

بەمەبەســـتی بەهێزكردنـــی ڕیـــزی پێكهاتـــەی یانەكـــە و بەدەستهێنانی ئەنجامێكی شایستە لە یارییەكانی خولی بژاردەی یانەكانی عێراقیدا، دەستەی كارگێڕی یانەی دهۆك دوو یاریزانی پیشـــەگەری هێناوە بۆ ئەوەی گرێبەســـت لەگەڵ هەردووكیاندا مۆربكرێت لە ئێستاشـــدا ڕۆژانە مەشق و ڕاهێنانەكانیان لەگەڵ یانەی دهـــۆك بەردەوامە، هەریەك لە یاریزانـــان لاوەند ئەحمەد یاریزانی كوردی وڵاتی هۆڵەندە كە پێشـــتر بۆچەندین یانەی ئەو وڵاتە یاری كـــردووە و یاریزانێكی بە ڕەگـــەز ئەفریقی بەناوی عەبدە جومعە كە لە وڵاتی زامبیا هاتووەو پیشـــەگەرە، پێشـــتر لە یانەكانـــی وڵاتانی زامبیا و بەلجیكا ورووســـیا یاریكردووە، دواتریـــن یانەش كە یـــاری بۆ كردووە یانـــەی كازیمەی كوێتی بوو، لە ئێستاشـــدا لە ژێـــر تاقی كردنەوەكانـــی جەمال عەلی ڕاهێنەردان لەم بارەشەوە لە لێدوانێكدا بۆ گۆڤاری گوڵان سەعید ئەحمەد سەرۆكی یانەی دهۆك گوتی: ئێمە ئەم دوو یاریزانەمان هێناوە كە هەردوو یاریزانی پیشـــەگەرن، لە ئێستادا لە ژێر تاقی كردنەوەدان بۆئەوەی ڕاهێنـــەری یانەكەمان كاپتن جەمال عەلی ســـەیری ئاستیان بكات، ئەگەر ڕاهێنەر ئاستی هەردوو یاریزانی بەدڵ بێت گرێبەســـتیان لەگەڵ واژوو دەكرێت، گوتیشی هەردوو یاریزانەكە لە پیشەگەری زۆر یارییان كردووە، جارێش چاوەڕوانی وەڵامی ڕاهێنەرین بۆئەوەی بەفەرمی ببنە یاریزانی دهۆكی.

## ئەمڕۆ خولی باڵەی بژاردەی كچان دەست پێدەكات

دوای ئەوەی خولـــی نایابی باڵەی كچانی یانەكانی كوردستان بەبەشداری دە یانـــەی شـــارەكانی كوردســـتان بەڕێوەچوو لە هـــەر كۆمەڵەیەكدا دوو یانە ســـەركەوتن بۆ خولـــی بژاردەی یانەكانی كوردســـتان، بڕیـــارە ئەمڕۆ دووشـــەمە یارییەكانـــی خولی باڵەی بـــژاردەی یانەكانـــی كوردســـتان لە ئاســـتی كچان بەبەشداریی هەریەك لە یانەكانی (ئەكاد وبرایەتی و سەنحاریب وپێشمەرگەی سلێمانی )دەست پێبكات، یەكێتیی تۆپی باڵەی كوردستانیش لە كۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا بڕیاری دا یارییەكانی خولەكە بە شێوازی خول بە دوو قۆناغ چوون و هاتن ئەنجام بدرێت، هەر یانەیەك یاری لە یاریگای خۆی و ئەوی دیكەیشی لە دەرەوەی یاریگای خۆی ئەنجام دەدات، لە بارەی خولەكەش حەســـەن عەلی ســـەرۆكی یەكێتیی ناوەندی باڵەی كوردســـتان گوتی: بۆ یارییەكانی خولـــی بژاردە ئامادەكاری باشـــمان كردووە هیچ كێشەیكمان نییە لە هیچ ڕوویەكەوە، پێشـــبینیش دەكەم یارییەكانی ئەم قۆناغە ململانێی بەهێز بەخۆیـــەوە ببینێت و یانەكانیش بەهۆی ئەم ماوەیە كە لە پشوودا بووینە دەتوانن ململانێی بەهێزی یەكتری بكەن لەسەر بەدەســـت هێنانی نازناوی خولەكە.



